کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-8-2007 0:40بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**فەلەکەدین کاکەیی تیرۆریستە!! ... میران هەرکی**

ئەو ناونیشانەی سەرەوە گەلێك نیشانەی سەرسوڕمان و پرسیار کردن هەڵدەگرێت، ڕەنگە کەسانێکی زۆریش هەبن یەکسەربزەیەك بیانگری و ئەو ڕایەم بە توندی ڕەت کەنەوە و بیخەنە نێو چوارچێوەی دژایەتیەکی کەسایەتی.

ئەو بەڕێزانەی دووچاری سەر سوڕمان دەبن لەگەڵ ئەو ناونیشانەدا ناهەقیان نیە، چونکە ڕابووردووی فەلەکەدین کاکەیی ڕابووردوویەکی خاوێنەو پیاوی شاخ و قەڵەم بە دەستی شۆڕش بووە، ڕۆژنامە نووسێکی کارامەو ڕۆشنبیرێکی لێهاتوو بووە، ئەو دوعایەی دەیکەم کەس ناتوانی نەڵی ئامین، کەس ناتوانی نکۆڵی لەو ڕاستیانە بکا، بەڵام فەلەکەدین کاکەییش بنیادەمەو ئەویش لە گۆشت و خوێن و ئێسقان پێك هاتووە، ئەویش کەوتۆتە ناو گەمە گەرمەکانی ئەمڕۆی سیاسەت، بووە بە یەکێك لە گەمە کەرە ماندووەکان، تێکەڵ بە کەسانێکی ڤایروس گرتوو بە دکتاتۆریەت و بیرۆقراتیەت و گەندەڵ بوو، ئیدی وای لێهات ئەو پیاوە کە ئەمڕۆکە وەزیری ڕۆشنبیرییە، عەردو عاسمانی بەین بێت لە گەڵ ئەو پیاوە گەورە ڕۆشنبیرەی کە ناوی فەلەکەدین کاکەییە! ئەو فەلەکەی کە تۆ نووسینە بە پێزەکانیت دەخوێندەوە و بە تاسەی ئەوە بووی ڕۆژی لە ڕۆژان لە پەنایەکا ببینی، ڕەسمێکی لەگەڵدا بکێشی، گوی لە دوو قسەی پڕ لە حیکمەتی بگری!

خەڵکی کوردستان بە هەموو ڕەنگە کانیانەوە بە ئاواتەوە بوون کە پیاوێکی ڕۆشنبیری وەك فەلەکەدین کاکەیی ببێتە وەزیری ڕۆشنبیری، بۆ ئەوەی ئەو وەزارەتە ببێتە ماڵی هونەرمەندو ڕۆشنبیران، لە سەردەمی ئەودا وەزارەتی ڕۆشنبیری لە بەهاری تەمەنی خۆیدا بژیت، کەس چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد هەموو ئەو مەزەندە جوانانە لە بار بچن، لە سەردەمی ئەودا ئەو وەزارەتە کە ئومێدی ڕۆشنبیرو هونەرمەندان بوو و ئاوا بە ئاسانی بڕوخی و وێران بکرێت، تێکڕای دام و دەزگاکانی ئیفلیج بکرێن و کادیرە باشەکانی بە بڕیاری ڕەمەکیانە تەفرو تونا بکرێن، من پێشتر نەم وتووە وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕوخاوە، کاك فەلەك خۆی لە دیمانە ڕۆژنامەوانیەکانیدا وا دەڵی، باس لە ڕوخانی ئەو وەزارەتە دەکا کە پێش هاتنی ئەو باشترین و چالاکترین وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، پاشان ئەگەر فەلەکەدین کاکەیی بایەقوشێکەو لە سەر کورسی وەزارەتێکی ڕوخاو هەڵنیشتووە بۆ جورئەتی ئەوە ناکا دەست لە کار بکێشێتەوە؟! چۆن قەبولی ئەوە دەکا لە وەزارەتێکدا بژیت کە وەك خۆی دەڵی چوار پارچە بێت!؟ نەخێر کاك فەلەك باش دەزانی ئەو لە گەڵ هاتنیدا بە شێوەیەکی زۆر دبلۆماسی و دەمامك دراو دەستی کرد بە پرۆسەی ڕوخاندنی وەزارەت و ئەو پرۆسەیە تا ئێستاکەش هەر بەردەوامە یەکەم هەنگاوی دەست پێکردنیشی ئەوەبوو بە بی هیچ پرس و ڕایەك تەلەفزیۆنی هەرێمی داخست و کلیلەکەی خستە گیرفانی، ئیدی مانگرتن و خۆ نیشاندان دژی ئەو بڕیارە ناوازەیەی فەلەك دەستی پێکرد، ڕادیۆش بە هەمان شێوە بێدەنگ کرا و داخرا، ئێستاش لەگەڵ دابێت ئەو ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە کە لە ئینعاشدان بێجگە لە دەهۆڵ لێدان و بڵاو کردنەوەی گۆرانی سەقەت هیچی دیکەیان پی نیە.

کۆشکی هونەر کە گەورەترین دەسکەوتی حکومەت بوو هونەرمەندان هەڵوەشێندرایەوە، تیپی هونەرە میللیەکان لە شوێنی خۆیان هەڵکەندران و پەرتو بڵاوەیان پی کرا، تێکڕای گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ناو وەزارەت ڕاگیران فەلەکەدین لە ئاست وەستانیاندا نوقەیەکی نەکرد، کادیرە باشەکانی وەکو ناسر حەسەن _ لە ناونیشانی ڕاوێژکار کرد بە فەرمانبەرێکی بچووك لە سەتەلایتی نەورۆز! شارەزاییێکی وەك سەلاح حەسەن کە ناونیشانی جێگری بەڕێوەبەری گشتی هەیە کرد بە فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی شانۆ، شێرزاد سەر سپی کە بە ناونیشانی شارەزا بەڕێوەبەری کۆشکی هونەر بوو کرا بە فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی موزیك، کاك حسێن کە لە ئەورووپاوە بەرێکەوتن لەگەڵ فەلەکەدین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گەڕایەوە کوردستان بۆ ئەوەی ببێت بە بەڕێوەبەری سەتەلایت، فەرامۆش کرا و ڕێگەی ئەوەی پی نەدرا بشی بینی. هونەرمەند جەعفەر حەسەن کە بەرپرسی پەیوەندییەکانی وەزارەت بوو، بە خۆی و پەیوەندییەکانیشیەوە دەرکران.

بەڵی ئەو پیاوە چەند ئەوەندەی بە تەمەندا دەچێت ئەوەندە زێترئەو دیاردە ناوازانەی زەقترو ئاشکراترو نامۆتر دەردەکەون، هەر بۆ نموونەش ئەو لە زۆر لە وتارەکانیدا باس لە دژایەتی گەندەڵی دەکات، بەڵام ئەو گەندەڵی لە نزیکترین شوێن لە خۆی دا دەبینی، ئەوەتا با خەڵکی بچن ببینن بزانن کچە بەڕێزەکانی ئاشتی خان و بەناز خان چۆن یەکەو مۆنیکاییکی بەخششی باوکیان بە لاپتۆپەوە پێیە، ئەوجا دەزانن ئەو پیاوە چەند لە نووسینە بی سەرو بەرەکانی ئەم دواییەی راستگۆیە.

فەلەکەدین هەر تەنها بونیاتی وەزارەتی رۆشنبیری تێك نەداو سووکایەتی بە کادیرەکانی نەکرد، بگرە دوای ئەوەی بەڕێکەوتنی دوو حزبەکە کاك (هەڵگورد) یان وەك تاقە بەڕێوەبەرێکی ئەو لیستە دانا کە گوایە هاوبەشن لە دەسەڵات، قەبوڵی نەکرد و هەر لە سەرەتای هاتنیدا گرفتی بۆنایەوە، تا گەیشتە ئەو ئاستەی لە دائیرەکەی خۆی وەدەری بنی، ئەمەش بوو بەهۆی مقۆ مقۆیەکی زۆری نێوان ئەو دوو حزبە، دیارە دروست بوونی ئەو جۆرە حەساسیەتانەش خزمەتی بەرژەوندی گشتی و رێکەوتنی حزبەکان ناکا، چونکە هەر ئەو حاڵەتانە بوون کاتی خۆی بوون بە هۆکار بۆ دروست بوونی شەڕی ناوخۆ، ناکرێت فەلەکەدین کاکەیی دەست پێشخەر بێت بۆ دروست بوونی حەساسیاتی لەم چەشنە، ئەگەر فەلەکەدین بە ئەنقەست وا نەکا.

فەلەکەدین کاکەیی چاك دەزانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوە کۆمەڵە کەسێکی بە ناونیشانی راوێژکار بە دوو ملیۆن دینار مانگانە خانە نشین کرد، بۆ ئەوەی چاکسازی دارایی بکات و ئەو قەڵەباڵغی وپەرتەوازەییە لە ناو وەزارەتەکاندا نەهێڵێ و کەچی فەلەکەدین بە بیگویدانە هیچ لە و بریارو یاسایانە دوای خانە نشین کردنیان و دڵنیا بوون لە دوو ملێۆنەکە، کۆمەڵێك لەو خانە نشینانەی بە پاداشتێك بە قەد پاداشتی خانە نشین بوونیان گەڕاندەوە سەر پۆستەکانی خۆیان لەوانەش سەید محەمەد بۆ سەرپەرشتکاری کردنی سەتەلایتی نەورۆزو کاروان عەبدوڵڵا بۆ گۆڤاری کاروان!

من پێم وایە هەموو ئەو کارە تێکدەرانەی کە لەو ماوەیەدا لە وەزارەتی رۆشنبیری کراون دەچنە چوارچیوەی تیرۆرکاری، تیرۆرکاری دژی حکومەت و دەسکەوتەکانی حکومەت، چونکە چمکی تیرۆر لە راستەقینەدا بە مانای تێکدان و تۆقاندن و ترسە، کە ئێستا فەلەکەدین کاکەیی بە ئەنقەست بێت یان بی ئەنقەست زۆر بە پیادەی دەکات!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.